www.kurdistannet.org
بەكاتی ناوەندی ئەوروپا 11:10 2006-12-11

## سەبارەت بە راپۆرەكەی لیژنەی (بێكەر-هاملتۆن) گوتەبێژێكی مەكتەبی سیاسی حزبی زەحمەتكێشانی كوردستان ئەم لێدوانەی راگەیاند:

دوای (8) مانگ لە لە چاوەروانی پێری 2006/12/6 گروپی لێكۆڵینەوەی عێراق بە سەرۆكایەتی بێكەر-هاملتۆن راپۆرەكەی خۆی بۆ چارەسەركردنی بارودۆخی عێراق و ناوچەكە كە لە (79) راسپاردە پێكهاتووە پێشكەش بە سەرۆكی وڵاتە یەكگرتوەكانی ئەمریكا جۆرج دەبلیوبۆش كرد. ئەوەی پەیوەندی بە عێراقەوەیە راپۆرەكە لە بەرامبەر دامەزراندنی حكومەتێكی بەهێز لە مەركەزدا بە كردەوە سیستەمی فیدرالیزم و بە شێكی زۆر لە برگەكانی دەستور هەڵدەوەشێنتەوە و داوای گەرانەوەی بەرپرسانی بەعس بۆ دەوڵەت و دانوساندن لەگەل چەكدارە تیرۆرستەكان و ئازادكردنی گیراوەكانیان دەكات. سەبارەت بە كوردستانیش راپۆرەكە لە راسپاردەی ژمارە (30) دا داوای دواخستنی جێبەجێكردنی مادەی (140) ی دەستور و راپرسی لەسەر كەركوك دەكات و چارەسەری ئەو پرسە چارەنوسسازەی گەلی كوردستان بە ناوبژیوانانی نیودەولەتی و بە (گروپی پشتگیری نێودەوڵەتی) دەسپێرێت و لە راسپاردەی (28) یشدا دەسەڵاتی بە ناوهێنانی كێڵگەكانی نەوت لە هەرێمەكان وەردەگرێتەوە و كۆنترۆڵكردن و دابەشكردنی داهاتەكانی نەوت بۆ حكومەتی مەركەزی دەگەرێنتەوە.

دیارە هەموو ئەو راسپاردانەی سەرەوە و چەند راسپاردەی تریش كە وەك لایەنێكی نەگەتیڤ لە راپۆرەكەدا هاتوە زیاتر لە سەر داوای وڵاتانی دەوروبەر و عەرەبی سوننەیە لە عێراقد او ئەو دەسكەوتانە پشت گوی دەخات كە گەلانی عێراق، بە تایبەتیش گەلی كوردستان لە سی ساڵ و نیوی دوای روخانی رژێمی دیكتاتۆری سەدام لە رێگەی قوربانیدان و دواتر دەستورەوە بە دەستیان هێناوە. كە ئەمەش نەك هەركێشەكانی ئێستەی عێراق چارەسەر ناكات، بەڵكو كێشەكان ئاڵۆزتر دەكات بەو پێیەی كە كورد و پێكهاتەكانی تر بە ناچاری تێكەڵ بەو كێشانە دەكات.

بۆیە حزبی زەحمەتكێشانی كوردستان داوا لە ئەنجومەنی نوێنەران و حكومەتی عێراق و پەرلەمان و حكومەتی كوردستان سەرجەم لایەنە سیاسیەكان دەكات پابەندی ئەو راسپاردانە نەبن كە لە دەسكەوتەكانی گەلانی عێراق و گەلی كوردستان كەم دەكاتەوە و كێشەكان ئاڵۆزتر دەكات، هەروەك حزبی زەحمەتكێشانی كوردستان دڵنیایە كە گەلانی عێراق و كوردستان دەنگ بە هیچ دەسكاریەكی دەستور نادەن كە لەو دەسكەوتانەیان كەم بكاتەوە. هەروەك لێرەدا حزبی زەحمەتكێشانی كوردستان جارێكی تریش دڵسۆزانە داوا لە سەركردایەتی یەكێتی و پارتی دەكات كە تا ئەو راسپاردانە بریاریان لێنەدراوە و نەكەوتونەتە واری پراكتیكەوە بۆ جێبەجێكردنی مادەی (140) و گەرانەوەی كەركوك و ناوچە دابراوەكان بۆ سەر هەرێمی كوردستان دەستوبرد بكەن و لەوە زیاتر چاوەروانی بەغدا نەكەن، بەڵكو ئەوەی كە بە كورد خۆی دەكرێت كە دیارە زۆری پێدەكرێت پرۆسەكە جێبەجێ بكرێت.

گوتەبێژێك لە مەكتەبی سیاسی حزبی زەحمەتكێشانی كوردستان
2006/12/8 سلێمانی